# بنەما مێژووییەکانی ئەنفال

بێستون محمد سەنگاوی

ئەنفال وەکو بنەما تەنها لایەنە مێژوویەکە دەگرێتەوە، بەڵام وەك‌و رەهەند فرە جۆرە، ئەم فرە جۆرییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کردەی دەستی مرۆڤە بۆ مرۆڤ .

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پرۆسەیەك لە ژێر ناوی ئەنفالدا و لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی عێراق (دەسەڵاتی بەعسیەکان) دەستی پێکرد، کەبریتی بوو لە بەکۆمەڵ کوشتن‌و بەتاڵان بردنی شت ومەکی ناوچە کورد نشیەنەکان .

ئەکرێ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق بەداهێنەرو کارەکتەری یەکەمی ئەم جۆرە پرۆسەیە ناوزەند نەکرێ، بەڵکو لەڕوانینێکی دوورترو وردبونەوەیەکی قوڵی مێژویدا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەنفال پێشبینیەکی دووری هەیە. لەگونجاوترین پۆڵینکردندا بەم جۆرە مێژووی ئەنفال دابەش دەکەین.

**ئەنفال لە پێش ئیسلامدا**

دابڕان و دریژ بونەوە لەنێوان چەمکە ئیسلامیەکان و نەریت و بەهاو پرا کتیزەکانی پێش ئیسلام بانگەشەیەکی تیۆریانەی ناوەرۆك ئاینیە، چونکە ئیسلام لەچوارچێوەی داب و نەریت و کەلتوری عەرەبی لەدایکبوو فەرهەنگی عەرەبی، بەمانا گشتی یەکەی، بووە بناغەی شارستانیەتی ئیسلام، ئەوەش هەر ڕاستە، ئەگەر بڵێی شارستانیەتی عەرەبی لەکورەی ئیسلام خەملی.

عەرەبەکان وەك یارییەك خویان بە غەزوەوە گرتبوو، لەناوچەیەکی بێ بەرەکەتی وەك بیابانی عەرەبەکان، غەزوە سەرچاوەیەکی هەمیشە ئامادەیی ژیان و دابەشکردنی سەرو سامان بوو غەزوەکاران (تیرە یان خێڵەکان) هەتا بۆیان کرا لە کوشتن و بڕین خۆیان دەپاراست، بەڵام لەهیچ هەلێکی پێشهاتیش بۆ دەست بەسەرا گرتن و ئەنفالکردن (بەتاڵانبردنی ئاژەڵ و سەروسامان نەدەسڵەمینەوە، بەهێرش کردن و پەلاماردانی کاروان چییان و بنکەو هەواری خیڵەکانی دیکە) لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا عەرەبەکان

ووشەی ئەنفالیان بەواتای تالآنی جەنگ بەکارهێناوە، مەبەستیش لەجەنگ شەرکردن و شکاندنی دوژمن و گرتنی دیل و دەست خستنی سامان و ماڵ بووە هەردووشەی جیهاد و ئەنفال لە قورئاندا هەردوو چەمکگەلی جیهاد و ئەنفال بەسەریەکەوە باس دەکەین. چونکە لە قورئاندا و لەسەرەتای ئیسلاما، هەمیشە بەیەکەوە باسیان لێکراوە و پەیوەندی راستەوخۆ یان بەیەکەوە هەبووە. سەرچاوەی سەرەکی ژیان بۆ عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب مەڕو مالأت، کشتوکاڵ، بازرگانی و غەزوە (بەسەرداداان یان پەلاماردان) بووە.

غەزوە بەشێك بوو لەهێرش و راو ڕۆڵی نێوان خێڵەکان بەلأم رێوشوێن و یاساو رێسای زۆر توندی هەبووە. غەزوە ووشەیەکی عەرەبی یەو چاوگەکەی غەزا (غزا) یە

( یجادلونك في الحق بعدما بتين كأنما يساقون الى الموت وهم ينظرون).

"لەشتێکی راست و بێ گوماندا موجادەلەت لەگەڵ دەکەن کە دەرچونە بۆ جیهاد و غەزا ، پاش ئەوەی لەقسەی تۆوە بۆیان دەرکەوت کەسەر ئەکەون. جەنگیان پێ ناخۆش بوو وەك بدرێنە بەر بۆ مەرگ و بەچاوی خۆیان ئەسبابی ببینن".

ئەنفال وشەیەکی عەرەبی یەو لە شێوازی کۆ (جمع) دا، چاوگەکەی (نفل) بەخشین. ئەنفال واتە دەسکەوت، (غنمة) .

"يسألونك عن الانفال قل الانفال للة والرسول" خوای گەورە بە پێغەمبەر دەفەرموێت کاتێك پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەنفال بڵێی هی خواو پێغەمبەرەکەیەتی.

**ئەنفال لەقورئاندا**

ئەنفال سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە و دەکەوێتە نیوان هەردوو سورەتی (الاعراف) لەپێش و سورەتی (لتوبة) لە دوایەوە، ژمارەی ئایەتەکانی (٧٥) حەفتاو پێنج ئایەتە، لەمەدینە دابەزیوە لە مانگی رەمەزاندا لەساڵی دووەمی کۆچی لەشەڕی بەدری گەروەدا، لەئەنجامی ئەم شەرەدا موسڵمانەکان بەسەر کافرەکاندا زاڵ بوون و دەسکەوتێکی زۆریان بەدەست هێنا، هەرچەندە لەرووی ژمارەوە کافرەکان زۆر زیاتر بون لە موسوڵمانان، (ان يكن منكم عشرون صابرون يغلبوا مائتين وان يكن منكم مائة يغلبوا الفا من الدين كفروا بأنهم قوم لا يفقهون ) ئەگەر بیست کەس خۆراگر لەئێوە هەبێت ، ئەوا بەسەر دووسەد کەس بێ باوەر زاڵ دەبن، ئەگەر سەد کەس بوون بەسەر هەزار کافردا زال دەبن، چونکە ئەوان کەسانێکن تێ ناگەن .

(الان خفف اللة عنكم وعلم ان منكم ضعفافان بكن منكم مأتة صابرة يغلبوا مائتين وان يكن منكم الف يغلبوا الفين) ئێستا خوا ئەرکی لەسەر کەم کردنەوە ئەگەر سەد کەسی خۆراگرتان تیدا بێت بەسەر دوو سەد کەسدا زاڵ دەبێت، ئەگەر هەزار کەس بن بەسەر دووهەزار کەسدا زاڵ دەبن.

قورئان وەسفی ئەو ڕۆژە دەکات و دەفەرموێت (وما انزلنا على يوم الفرقان يوم اتقى الجمعان) هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەدەگەیەنێ ئەو راستیەی کەدوای سەرکەوتنی موسڵمانان لەجەنگی بەدردا ، موسڵمانەکان بوون بەسێ بەشەوە، بەشێکیان دوای کافرەکان کەوتن، بەشێکی تریان رۆیشتن دەسکەوتە بەجێ ماوەکانی پاشماوەی بێ بڕواکان کۆبکەنەوە بەتمومی ئەوەی بۆ خۆیانی کۆکەنەوە، هەرچی کۆمەڵی سێهەمیشە لەگەڵ پێغەمبەردا مانەوە بۆمەبەستی پاراستنی (محمد) د.خ پاش تەواوبوونی شەرەکە هەرسێ گروپەکە یەکیان گرتەوە ، ئەو کۆمەڵەی دەستکەوتەکانی کۆکردەوە دەیان ووت بۆئێمە، کۆمەڵی یەکەمیش کەدوای بێ باوەران کەوتبوون ئەیانووت ئێمەش هەقی شەرعی خۆمانە، مەرجی کۆمەڵی سێهەمیش ئەوەبوو داوایان دەکرد هەمان مافی ئەوانی تریان هەبیت بەمەش خەریك بوو شەڕ دروست بێت.

(يسألونك عن الانفال قل الانفال للة والرسول فأتعوا اللة واصلحوا ذات بينكم واطيعوا للة ورسوله ان كنتم مؤمنين) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئەنفال ئەمە خوا بەپێغەمبەر ئەفەرموێت تالآنیەکەی کێ بەشی دەکات، چۆن بەش ئەکرێت ؟ تۆ پێیان بڵێ حوکمی تالآنی عائیدە بەخواو پێغەمبەری خودایە بەئەمری خودا، دابەشی دەکات لەبەینتاندا. لەخودا بترسن و لەناو خۆتاندا ناکۆك مەبن و ناوبەین و پەیوەندیتان باش بکەن و بەگوێی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن ئەگەر خاوەن ئیمانن.

زانایانی ئیسلام بۆ واتای ئەنفال بۆ چونیان وایە وەك و دەڵێ (الانفال هو الغنيمة اى نيل نالة صلحة من الاموال اهل الحرب) واتە بریتی یە لەوماڵو سامانەی کەدەست موسولمانان دەکەوێت لەخەلکی شەڕ کەر، کەواتە ئەنفال لەروانگەی ئاینی ئیسلامەوە بەو ماڵ و سامان و دارایی و ئاژەڵ و چاك و زەخیرا نە دەوترێت کە جەنگاوەرای موسوڵمانان ئافرەتیشی دەگرتەوە کە دەکرانە چەك .

(واعلم انما غنمتم من شي فان للهة ضمة وللرسول والذى القربي والتمى والمساكين وابن سبيل) واتا بزانن ئەو دەسکەوتانەی لەشەڕدا دەستی دەخەن پێنج یەکی بۆ خواو

پێغەمبەرو خزم و کەس و یەتیم و رێبوار نەارەکان . چوار بەشی کەی ابەشی سەر جەنگاوەران دەکرێت . بەسەریاندا دابەش کرد ، ئەم ئایاتانە ئاماژەن بەچارەسەری ئەو کێشانەی کەلەجەنگی بەدردا روویان دا .

لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مەرج هەیە بۆ ئەوەی بتوانریت چەمکی ئەنفال بە سەر شتێکدا ببڕدرێت دیارە لەو ڕوەشەوە بۆ چونی زانایانی ئیسلامی وەردەگرین لەسەر ئەم چەمکە بۆ نموونە لە کتێبی (حفوة البيان لمعاني القرأن) داهاتووە .

(انفال هی الفنائيم الماخوذة مِن الكافر مهرا بالقتالٍ) .

واتە بریتی یە لەو دەستکەوتانەی کە لەکافران وەردەگیرێن بەزەبری شەڕ.

ابن کپیر لە تەفسیرێکدا دەڵێت لە ئیمام عەباسم وەرگرت وە دەڵێت (الانفال المغانم) واتە ئەنفال دەستکەوتە.

**بۆ نوسینی ئەم بەباتە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**


١-شێرکۆ کرمانج،بەسیاسیکردنی ئیسلام.

٢-گۆڤاری چواردەی چوار.

٣-مەلا عبدەلکریمی مدرس، خولامەی تەفسیری ناجی.

٤-گۆڤاری سەنگاو.

٥-زەردەشتی، خوێننامە.